# ناڵەی گیا

تەرزە جاف

بڕووسك دەتەقێتەوە
منداڵیك دەمرێ گەورەترین ئارەزوو ەكانی
لە خواردنی دۆندرمەیەك تێ پەڕ ناكات.
چنارێك دە كوژرێ نە سۆزانیە، نە جاسووس.
جانتایەك هەلا هەلا دەبێت
پانزە دینار و مەمە یەكی لاستیكی تێدایە.
چاوێلكەیەكی پزیشكی خەڵتانی خوێن دەبێت
هێشتا وەسڵەكەی..قەرزار... دووور لەگیرفانی خاوەنیایەتی.
كراسێكی گوڵ گوڵ و.......لەچكێكی كون و.....جەرگێك..دەسووتێن.
خۆ بڕووسك...
جیقجیقەی پێڵاوی منداڵێكی تەمەن یەك ساڵانە كە قوون خڕ قوون خڕ هەر چوار هەنگاو جارێك دەكەوێت
تادەگاتە باوكی
خۆ بڕووسك..........

ئەو كچە شەرمنە تازە مارە كراوەیە كە بۆ یەكەم جار هەوڵ دەدات تەماشای چاوی مارە بڕەكەی خۆی بكات.
بڕووسك..
ئاشتبوونەوەی ژن و مێردێكە
بە بیبسی خواردنەوەیەك لە دەرەوەی ماڵ،
بڕووسك..
پشووی دەگمەنی ژنێكی دەست قلێشاوە
دوور لە قاپ شتنی ئێوارەیەك.
بڕووسك..
لاقرتێی باوكێكی چل شەوەیە :
ساواكەی لە باوەش دەگرێت و بە خێزانەكەی دەڵێت :(دایكی منداڵان)
بڕووسك...
كۆبوونەوەی دوو ماڵە كەركووكی ئاوارەیە بۆ خواردنی دۆڵمەیەك.
بڕووسك..
دوور كەوتنەوەی شیرزەی بوك و زاوەیەكە لەخزمان
بۆ دەربڕینی چەند ڕازێكی شەرمن
ئاخر بڕووسك..
ئیسراحەتی خێزانە سایەق تەكسیەكی سووتاوی بەر گەرما و بێ كارەبایی و بێ دەرامەتە.........لەژێر چەند لق

**وپۆپێکی پاکییزەدا.**

**برووسك..دەتەقێتەوە..**

**ئااخ.....**

**داخی هەموو سیاسەتمەدار و سۆزانی وپیاو کوژەکانی دنیا.........**

**لە باخچەیەکی بی ٚگوناحی من دەکرێتەوە.**